Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10205

# بنەمای هاوسۆزی لە ستراتیژیەتی گوتاری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا

**تەلار صباح عمر[1] ، شێروان حسین حمد[2]**

1- بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆی ،هەرێمی کوردستانی عێراق

2- بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین ،هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

کردەی هاوسۆزی لەدێرزەمانەوە هەبووە، مرۆڤ لەهەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانی بەتەکنیك و شێوازی جۆراوجۆر هاوسۆزی خۆی بۆ دەوروبەرەکەی دەربڕیوە. ئەم پرۆسەیە، سەرجەم بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە و بەردەوامە. بەرهەمهێنی گوتار بەمەبەست هاوسۆزی خۆی بۆ کەسانی بەرانبەر دەردەبڕێت. بێگومان ئەمەش لەڕێگەی زمانەوە ئەنجامدەدرێت، هەربۆیە لەکاتی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەرهەمهێنەرانی گوتار لە هەوڵی هاوسۆزی خەڵکدابون، بۆ ئەوەی ڕێنماییە تەندروستییەکان جێبەجێبکەن، چونکە گوتاری تەندروستی، پەیوەندی ڕاستەخۆی بە ژیانی هەر تاکێکی کۆمەڵەوە هەیە، بۆیە ئەرکی حکومەت و دەسەڵاتە، کە کۆمەڵ بپارێزێت و ڕێگری لەبڵاوبونەوەی هەر نەخۆشییەك بکات. هەر بۆیە لەکاتی دەرکەوتنی ئەم پەتا جیهانییەش لەسەرتاسەری جیهان و کوردستان بەتایبەتی گوتارەکان تایبەتکرابون بەتەندروستی و خۆپارێزی هاووڵاتیان، چونکە گوتاری تەندروستی ئەگەر لەلایەن بیروڕای زانستییەوە کۆنترۆڵکراوبێت، ئەوا لەڕوی واقیعی کۆمەڵایەتی و جۆرەکانی هەڵبژاردنی شێواز و ئەو وەسفەی کە ڤایرۆسەکەی پێدەناسرێ، لەلایەن بەرهەمهێنەرانی گوتارەوە کۆنترۆڵ ناکرێت، لەبەرئەوەی هەریەکەیان شێوازێکی هاوسۆزی بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

هاوسۆزی، گوتاری تەندروستی، وێناکردن، هێز، ئاماژە

***Corresponding Author***

**پێشـــەکی:**

گوتـاری تەندروسـتی یەکێکـە لـە جۆرەکـانی گوتـار، پەیوەنـدی ڕاستەخۆی بـە ژیـانی تاکـەکانی کۆمەڵـەوە هەیـە، هـەر کێشـە و گرفتێك لەتەندروستیدا هـەبێت، لەکۆمەڵدا ڕەنگدەداتـەوە. هـەر بۆیە بەرهەمهێنـەرانی گوتـار هەوڵدەدەن هاوسۆزی خۆیـان بۆ وەرگـــری گوتـــار دەرببـــڕن لـــەڕێگای دەربڕینەکانیانـــەوە، ئامانجەکانیان بهێننەدی، چونکە لەچوارچێوەی گرێچنی گوتاردا هەردو توخمی باوەڕپێهێنان و باوەڕکردن بەیەکەوە بەستراون بەرهەمهێنی گوتار لە کرداری پەیوەندیدا وا لە وەرگر دەکات، کـە باوەڕی پێبکـات و ڕازیبکـات. (ستراتیژیەتی هاوسۆزی لـە گوتاری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا) ناونیشـانی ئەو بابەتەیە، کە بۆ ئـەم لێکۆڵینەوەیـە هەڵمانبژاردووە. ئامـانجی لێکۆڵینەوەکەشـــمان دەستنیشـــانکردنی بنچینـــەکانی هاوســـۆزی گوتـاری تەندروسـتییە لـە هـەرێمی کوردسـتان، بۆگەیشـتن بـە ئامانجەکەشمان پەیڕەوی ڕێبـازی وەسفی شیکاریمان کـردووە، نمونەکانیشـمان لـە گوتـاری هەریـەك لەسـەرۆکی حکومـەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری ناوخۆ و وەزیری تەندروستی و پارێزگـاری هـەولێر و پارێزگـاری سـلێمانی و بەڕێوەبـەری گشتی تەندوستی سلێمانی و سەرۆکی سکولی پزیشکی زانکۆی کۆیـە وەرگرتـووە، کـە لـە چوارچێـوەی دیـالێکتی کرمـانجی ناوەڕاستی زمانی کوردییە. گرفتی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دیـاریکردنی بنـەماکانی هاوسـۆزی لـە گوتـاری تەندروسـتی حکومـــەتی هـــەرێمی کوردســـتاندا لەســـەردەمی ســـەرەتای دەرکـەوتنی ڤایرۆسـی کۆڕۆنـادا. نـاوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکـەمان جگـە لـە پێشـەکی و ئـەنجام لـە دو بـەش پێکهـاتووە: لـە بەشـی یەکەمـــدا، بـــاس لـــە گوتـــاری تەندروســـتی و ســـتراتیژیەتی

هاوسۆزی و بنچینەكانی ستراتیجیەتی هاوسۆزی لە گوتاردا دەكەین. بەشی دووەمیش تەرخانكراوە بۆشیكردنەوەی گوتاری تەندروستی لەگەڵ شیكردنەوەی ئاماری و ڕێژەكانیان بۆ هەریەك لەو بەڕێزانەی كەناومان هێنان. لەكۆتایی لێكۆڵینەوەكەشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان و خراونەتەڕو.

### 1-1 گوتاری تەندروستی:

بنچینەی زاراوەی (discourse) بۆ زمانی لاتینی دەگەڕێتەوە، كە لەكرداری(Discurrere) داڕێژراوە، كە بە واتای (ڕاكردن) لێرەو لەوێ (run to)، یان چون وهاتن(fro) دێت، كە بە شێوەیەكی فراوان لە دەیەی ڕابردو بەكارهاتووە، دواتر واتاكەی گۆڕا بۆ گوزارشتكردن لەبیرێكی دیاریكراو، هەرچەندە لە زۆربەی بارودۆخەكان وشەی (discourse) وەك بیرۆكەیەكە لەسەر زمان بنیاتنراوە بە شیكردنەوەی گوتە بۆ هەندێ لە شیكارەكان دابەشكراوە بەسەر چەند شێوازێك. (Jorgensen&Phillips 2002:1) ئەم زاراوەیە كە بەواتای گفتوگۆ، یان بەواتای گوتارخوێندن (خوتبەدان) دێت، لەئەدەبیاتی نوێدا بۆ یەكەمجار لای (هایمز) ئاماژەی بۆكراوە. (الشهری 2004: 36) زاراوەی گوتار چەمكێكی لێڵە، چونكە لە بوارەكانی زمانەوانی و كۆمەڵناسی و فەلسەفە و مرۆڤناسی و زۆر بواریتری زانستە مرۆڤایەتییەكان بەكاردێت.(Barbara 2008:1) گوتار لەسەر بنەمای پەیوەندیكردن لەنێوان دو كەس، كە یەكێكیان نێرەرە ئەویتریان وەرگر ئەنجامدەدرێت، لەنێوان ئەم دوانەیەشدا پەیامێك هەیە، كە ئامانج لێی چەسپاندن و سەقامگیر و جێگیربوونییەتی لەهۆشی وەرگر، ناوەڕۆكی پەیامەكەش لە گوتارێكەوە بۆ گوتارێكیتر جیاوازە، چونكە گوتار فرەڕەهەندە زۆر جۆری جیاواز لەخۆدەگرێت، وەك: كاروباری سیاسی، كاروباری كۆمەڵایەتی، كاروباری ئاینی، كاروباری بازرگانی، ڕاگەیاندن، ئەو بوارانەی تایبەتن بە پرۆسەی فێركردن،...

تەندروستی باشبونی تەواوەتی حاڵەتی جەستەیی و هۆشەكی و كۆمەڵایەتییە، نەك تەنها نەساغی و نەخۆشی، واتە باشی و تەندروستی جەستەی مرۆڤ پابەند و پەیوەندیدارە بەو سیاقە دەرونی و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەی كە تیایدا دەژی. (المكاوی، 2016، 50) تایبەتمەندی گوتاری تەندروستی لێرەدا جەخت لەسەر وێناكردنی خەڵك بۆ تەندروستی و كردەی خۆپاریزی پێویست دەكاتەوە. جیاوازی ڕۆشنبیریش كاریگەری لەسەر ئاراستەی تاك بۆ هەڵبژاردنی هەنگاونان بەرەو مردن، یان تەندروستییەكی باش هەیە. (سەرچاوەی پێشو، 43)

تەندروستی بەدرێژایی مێژو لایەنێكی گرنگی ژیانی تاك بووە، بوارێكی هاوبەشە، لەنێوان پزیشك و كۆمەڵ. دەوروبەری ئابوری و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دەرونی ڕۆڵێكی گرنگ دەگێڕن لە باشی و خراپی تەندروستی تاك. چاودێری تەندروستی هەر بەتەنها ئەركی تاكە لایەنێك نییە، بەڵكو كارێكی هاوبەشە لەنێوان یەكەكانی حكومەت و سیستەمی خەڵكی و پسپۆری دیاریكراو.

گوتاری تەندروستی لەبەرئەوەی پەیوەندی بە تەندروستی خەڵكەوە هەیە، دەشێ بەرهەمهێنی گوتارەكە كارمەندێكی حكومەت بێت، یان پزیشكێك بێت و گوتارەكەی ئاراستەی جەماوەر بكات. زمانی ئەم جۆرە گوتارە دەوڵەمەندە بە بەڵگەو وێنەی سەلمێنراو بۆ خستنەڕوی ڕاستییەكان، لەڕێگای بەكارهێنانی وشە و دەستەواژەی سادە و ساكار و دور لە ڕەوانبێژی.

لەڕێگای گوتاری تەندروستییەوە دەتوانین جۆری بیركردنەوەی بەرهەمهێنەكە بزانین. ئەزمونەكانی مرۆڤ بەشدارن لەكاریگەری بیركردنەوە، یارمەتی شێوازی پێشبینیكردن بیركردنەوە دەدات، دەتوانێ لەڕێگای هەڵبژاردنی وشە و ڕستەكان بگات بە قوڵترین كاریگەری لەسەر ژیانی كۆمەڵایەتی. چ جۆرە ڕستەیەك بەكاردێنێ وەرگر چۆن وەریدەگرێت؟ پزیشكەكان باشترین بیری تایبەت بەوێناكردن دەربارەی ژیانی كۆمەڵایەتی و ئاگاداربونێكی فراوان لەڕاستی زانستییەكانی پێشو یارمەتیدەرە بۆ ڕونكردنەوەی بیروڕای پزیشكی.

### 2-1- ستراتیژیەتی هاوسۆزی( تضامن)

ڕۆژانە مرۆڤ بەبەردەوامی لەپەیوەندیكردندایە، بەبێبونی پەیوەندی لەنێوان تاكەكان، كۆمەڵ دروستنابێت، كردەی پەیوەندیكردنیش لەڕێگای زمانەوە ئەنجامدەدرێت، كە یەكێكە لە ڕێگەكان. جا چ لە ڕێگەی زمانی نوسراو، یان بینرا و و بیستراوەوە بێت. بەپێی یەكێك لە گریمانەكانی پەیدابونی زمانیش، كە گریمانەی پەیوەندییە لە لایەن (ڕیڤێز)ەوە خراوەتە ڕو ئاماژە بەوە دەكات ((زمان لە ئەنجامی ئەو غەریزە بەتینەوە دروستدەبێ، كە لە مرۆڤدا هەیە بۆ پەیوەندیكردن)) (فتاح، 1990، 12 ) پەیوەندیكردنیش بەشێوەیەكی گشتی بۆ مەبەستی وەرگرتنی زانیاری، یان بەخشینی زانیاری، یان بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و خۆشەویستی و ڕق و كینە بێت، یاخود بۆ دروستكردنی كاریگەری لەسەر دەوروبەر دەبێت.

چەمكی ستراتیژیەتی هاوسۆزی ئەو ستراتیژیەتەیە، كە تیایدا قسەكەر هەوڵدەدات پلەی پەیوەندییەكەی بەوەرگرەوە بەرجەستە بكات و گوزارشت لە ڕادەی ڕێزو ئارەزوی پارێزگاری لێكردنیان بكات، یاخود هەوڵبدات پەرە بەلابردنی جیاوازییەكانی نێوانیان بدات. بەگشتیش بریتییە لە هەوڵی نزیكبونەوە لە وەرگر. (الشهری2004: 257)

ئاخاوتنەكانمان پەیوەندییەكی پتەویان بە بنەمای هاریكاری و هاوسۆزییەوە هەیە و ڕەنگدانەوەی ئەم بنەمای هاوسۆزییە بەپێی كەلتور و بەڕێوەدەچێت. (عەلی – حەمەئەمین 2006: 57) ئەم بنەمایەش پەیوەندی نێوان قسەكەر و گوێر

دەستنیشاندەکات. بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندی نێوان ئەم دو توخمە، کە کاریگەریان لەسەر هەڵبژاردنی تەکنیکی گوتار لەلایەن بەرهەمهێنی گوتارەوە دەبێت. هەندێکجار پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر پەیوەندییەکی پتەو و بەهێزە، لەهەمانکاتدا هەندێکجار هیچ پەیوەندییەك و هاوسۆزییەك لە نێوان قسەکەر و گوێگردا بەدیناکرێت، هیچ کردەیەکی ئاخاوتن لەنێوانیاندا ڕونادات. لەکاتی نەبونی پەیوەندی نێوان هەردولاکەی گوتار ئەوا بەرهەمهێنی گوتار هەوڵدەدات بە دەربڕینەکانی لەگوتاردا ئەم پەیوەندییە دروستبکات، لەوەرگری گوتار نزیکبێتەوە و دڵنیایی بە وەرگر بدات، کە ویستێکی سروشتی هەیە بۆی دورە لەهەر پاڵنەر و مەبەستێك، کە سودی پێبگەیەنێت. کەواتە ستراتیژیەتی هاوسۆزی لەگەڵ شێوازە کاراکانی بەکارهێنان لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان قسەکەر و وەرگر خۆی لەتوانستی زمانی قسەکەر و سود وەرگرتن لەفەرهەنگی زمانی خۆیدا دەبینێتەوە. هەڵبژاردنی ستراتیژیەتی هاوسۆزیش بەگوێرەی سێ پێوەر دەبێت:-

1ـ ڕەهەندی کۆمەڵایەتی نێوان نێرەر و وەرگر، کەخۆی لە پێوەری نزیکی پەیوەندی دەبینێتەوە.

2- پەیوەندی دەسەڵاتی نێوانیان، کە خۆی لە پێوەری جیاوازی پەیوەندی دەبینێتەوە.

3- ئەو کۆتو بەندانەی کەرۆشنبیر دەیسەپێنێ بەسەر گوتاری بەرهەمهاتودا. (الشهری2004: 263)

## 3-1- توخمەکانی ستراتیژیەتی هاوسۆزی

کۆمەڵێك توخمی کۆمەڵایەتی هەن، بەتاك و کۆیەوە لە هەڵبژاردنی ستراتیژیەتی هاوسۆزی بەشدارن، هاوسۆزی تایبەتە بە دوری کۆمەڵایەتی نێوان خەڵك و ئەزمونە کۆمەڵایەتییەکان و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییە هاوبەشەکانی وەك: (ئاین، ڕەگەزە، تەمەن، ڕەچەڵەك و شوێنی لەدایکبون وپیشە) ڕادەی ئامادەگیان لە هاوبەشی پێکردنی بابەتە کەسییەکان لە ئەنجامی ئەمانە کۆمەڵێك توخم بەکاردەهێندرێن:

1- ڕادەی لێکچون جیاوازی کۆمەڵایەتی

2- ڕادەی دوبارەکردنەوەی پەیوەندییەکان

3- ڕادەی زانینی مەعریفەی کەسی

4- پلەی ئاشنایی، یاخود چۆن لاکانی گوتار یەکتری دەناسن؟

5ـ ڕادەی هەستکردن بەیەکەوە گونجاندنی مزاج و ئامانج و بیرکردنەوە.

6- کاریگەری ئەرێنی نەرێنی.

ئەم توخمانە هەمویان لە چوارچێوەیەك کۆدەبنەوە، کە بریتییە لە چوارچێوەی گفتوگۆ، لەسەر ئەم توخمانەش گوتار بونیاددەنرێ. (سەرچاوەی پێشو: 260)

## 1ـ4ـ ئامرازە زمانییەکانی ستراتیژیەتی هاوسۆزی (تضامن)

بەرهەمهێنی گوتار لەکاتی ئامادەکردن و پێشکەشکردنی گوتار ئاگاداری ئەوەیە، کە لە بەکارهێنانی ناوەڕۆك لەگەڵ وەرگری گوتار پێویستە نزیك بێت، بۆ ئەوەی ئامانج و مەبەستەکانی بەدیبهێنێت، هەروەها هەوڵدەدات ڕادەی پەیوەندییەکەی بە وەرگر بەرجەستە بکات بە جۆرێك لە جۆرەکانی لابردنی جیاوازی لەنێوانیان. واتە نێرەر ستراتیژیەتی هاوسۆزی لەگەڵ وەرگر بەکاردەهێنێت، بۆئەوەی لێی نزیك بێتەوە، مەبەست و ئامانجەکانی بەدیبهێنێت، ئەمەش بە پشتبەستن بە ئامرازە زمانییەکان، کە ڕێگەی پێدەدات پارێزگاری لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوانیاندا بکات. نێرەر هەوڵدەدات و جۆری پەیوەندییەکەی بەرجەستە بکات، گوزارشت لە ڕادەی ڕێزگرتنی بەرانبەرەکەی بکات، ئارەزوی خۆی لە پاراستنی ئەو پەیوەندییە دەربڕێت، یاخود پەرەی پێبدات هەوڵی نەهێشتنی جیاوازی نێوانیان دەدات. (فضیلە 2000 :100) بەرهەمهێنی گوتار پەیوەندی خۆی و وەرگر لە گرنگترین ئەو شتانەیە، کە بۆ نزیکبونەوە لە وەرگر دروستیدەکات. ئامرازە زمانییەکانیش ئەمانەی خوارەوەن

**1ـ4ـ1 ناو ـ ناسناو:** ناو بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، مرۆڤ لەگەڵ لەدایکبونییەوە ناوێکی لێدەنرێت، کە ڕەنگدانەوەی جۆری بیرکردنەوەی باوانییەتی. پێویستی ناو بۆ مرۆڤ سەرجەم ڕەهەندەکانی ژیانی گرتۆتەوە، ڕۆڵێکی سەرەکی لە جیاکردنەوە هەمو بونەوەر و پێداویستییەکانی ژیان هەیە. ناو چەمکێکی گشتییە، ئاماژە بە بابەتی شتێکی دیاریکراو دەکات. ناوهێنان و بەکارهێنانی ناو، یان ناسناو لەگوتاردا هێزێکی زیاتر بەگوتارەکە دەبەخشێت، هەروەها هۆکارێکە بۆ باوەڕهێنان. ڕاستییەکی نەگۆڕە، هەم لای بەرهەمهێنی گوتار هەم لای وەرگری گوتار، بەکارهێنانی ناویش بۆ بانگردن، یان قسە لەگەڵکردنە. (الشهری 2004: 270)

لە پۆلێنکردنی جۆرەکانی ناویش ناو لەڕوی ژمارەوە دەبێتە ناوی تاك و ناوی کۆ بەکارهێنانی ناوی کۆیە لەلایەن بەرهەمهێنی گوتارەوە جۆرێکە لە پیشاندانی ڕێز بەرانبەر بە وەرگری گوتار، ئەگەرچی وەرگریش تاك بێت. ئەگەر سەیری ئەم گوتارە بکەین، دەبینین بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمهێنی گوتار بەکۆ قسەدەکات، چونکە هەم شوێنەکان کۆیە هەم گوتارەکەی ئاراستەی جەماوەرێکی زۆر دەکرێت. بۆ نمونە:

ئەگەر پێویست بێت بڕیار لەسەر داخستنی مزگەوت و هۆڵی بۆنە و ئاهەنگەکان و کافتریاکان دەدەین. (د.ئاسۆ حەوێزی)

ناو لەڕوی ناوەڕۆکەوە دەکرێتە ناوی گشتی، ناوی تایبەتی، ناوی کۆمەڵ. ناوی تایبەتی پلەی بەرزتری لەناوی گشتی و ناوی کۆمەڵ هەیە.

هەولێر زۆرترین سلێمانی کەمترین توشبوی تێدا تۆمارکرا.

یەکەم کەسی توشبو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان و عێراق گیانی لەدەستدا کە مامۆستایەکی ئاینی بوو بەناوی (حەمە رەشید ئاورەحمان).

لەجۆرەکانیتری ناو ناوی بەرجەستەش ڕاستییەکی ڕەهاتری هەیە. ناوی واتای چەمکێکی گۆڕاوی هەیە. واتە واتاکەی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکیتر دەگۆڕێت. بۆنمونە چەمکی کوردایەتی لای پێشمەرگەیەك واتایەکی هەیە، بەڵام لەلای خاکفرۆشێك واتایەکی تری هەیە.

هەروەها ناو لەڕوی ناسینەوە، ناوی ناسراو ڕاستییەو دیاریکراوە بەرانبەر بەناوی نەناسراو ئەگەر سەیرێکی ئەم گوتارانە بکەین.

هەر کارمەندێکی وەزارەتی تەندروستی بە کۆرۆنا گیان لەدەستبدات حکومەت پێنج ملیۆن دینار دەداتە بنەماڵەکەی (وەزیری تەندروستی)

بەهۆی توشبونی ژمارەیەك مامۆستاو فەرمانبەر بەپەتای کۆرۆنا قوتابخانەیەکی هەولێر داخرا.

هەمو ماڵێکی سلێمانی قوربانییەکی کۆرۆنای دەبێت. (سەباح هەورامی)

**1-4-2 وشەکانی سوپاسکردن:** وشەکانی سوپاسکردن لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی گوتار دێن، کە بەوشەی ڕێزگرتن و شوکرکردن دادەنرێت. ئەمەش ئاماژەیە بۆ هاوسۆزی و نزیکی لەوەرگر. (عمر 2015: 99)

هاوولاتیانی خۆشەویست سوپاستان دەکەین بۆ پابەندبونتان بەڕێنمایە تەندروستییەکان لەماوەی ڕابردودا، بەڵام لەئێستادا...... (سامان بەرزنجی)

**1-4-3 وشەکانی سڵاوکردن پێشوازیکردن (ترحیب):**

سڵاوکردن و پێشوازیکردن جۆرێکە لە جۆرەکانی دەربڕینی کۆمەڵایەتی بنچینەی سەرەکی کارلێك و لێکنزیکبونەوەی مرۆڤەکانە لەپێناوی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانیتر و دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی. (فتاح 1990 : 32)

وشەکانی سڵاوکردن لەو دەربڕینانەن کە لە فەرهەنگی زماندا بە وشەی ڕێزگرتن دادەنرێت. وەك ئاماژەیەك بۆ هاوسۆزی، لایەنی لۆژیکی تێکەڵ بەلایەنی دەرونی دەبێت لەگەڵ هەر بەکارهێنانێکدا کە کاریگەری لەسەر دەرونی گوێگر دروستبکات. زۆرجار دەنگدانەوەی حاڵەتی دەرونی و هەڵچونەکان لەواتادا دەردەکەوێت. ئەم حاڵەتی هەڵچونەیە بەشێوەی وێنەدانەوە، یاخود پەرچەکردار، کە گوێگر گوزارشتی لێدەکات بەگوێرەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی. (شاکر 2015: 181)

ڕق لەخۆشەویستی بەڵگەیەکی ڕونە لەسەر بەکارهێنانی کردار و قسە، کە گوزارشتن لە ڕاستی هەستەکان، کاتێك کە قسەکەر و گوێگر پەیوەندی دەکەن لەسەر بابەتێك هاوڕان، یاخود قسەکەر لەگەڵ بەرانبەرەکەی هاوڕانییە، بەمەش پەیوەندی دەرونی لەنێوان بەکارهێنەرانی زمان دروستدەکات، کە ناتوانین فەراموشی بکەین، چونکە بەکارهێنانی زمان ڕۆژانە هەردو لایان فەراموش ناکات.

بەرهەمهێنی گوتار لەگەڵ دەستپێکردنی گوتارەکەی وشەکانی سڵاوکردن ئاراستەی ئامادەبوان، یان گوێگران دەکات، کەئەمەش بۆ خۆنزیکردنەوە و ڕێزگرتنی وەرگرە بەکاردەهێنێت.

هاوولاتیانی خۆشەویست ئەم کاتەتان باش... (سەرۆکی حکومەت)

سڵاو وڕێز بۆ هەمو هاونیشتمانیانی بەڕێزی کوردستان. (وەزیری ناوخۆ)

**1-4-4 ستایشکردن (پیاهەڵدان):** کردارێکی گوزارشتکردنی کۆمەڵایەتییە، بریتییە لەپیاهەڵدان بەشان و باڵی کەسێك، کەتیایدا قسەکەر ستایشکەر لەدۆخێکی دیاریکراودا بەکاریدەهێنێ. ئەمەش بێهێزی قسەکەر بەرامبەر گوێگر دەردەخات و هانیدەدات و زیاتر لە پاڵ هەستیکی خوازراوەوە بە ئامادەبونی گوێگربێت، یان خزم و هاوڕی دەردەبڕێت مەبەستی سەرەکیش لەم پیاهەڵدانە خۆنزیکردنەوەیە لە گوێگر، بەبەکارهێنانی کردارەکانی وەك دەستخۆش، شایەنی ڕێزن، دەستی ماندوبونتان دەکوشم...

کەرتی تەندروستیمان زۆر پێشکەوتووە هاوشێوەی جیهانە. (وەزیری تەندروستی)

لێرەدا قسەکەر ستایشی کەرتی تەندروستی دەکات و دەستخۆشیان لێدەکات بەهۆی ئەو پێشکەوتنەی کە هاوشێوەی جیهان.

**1-4-5 بەکارهێنانی ئاماژە:** ((بەکارهێنانی ئاماژە باشترین ستراتیژییەتی ناوەڕۆکە، گرنگترینشیان دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانییەتی، ئاماژە بۆ ئینتیمابون لە کۆمەڵەیەکی دیاریکراو، یاخود ئاماژەیە بۆ هاوڕابون لەگەڵیدا.)) (عمر 2015: 100)

جێناوەکان لەگرینگترین ئاماژەکانن، کە نێرەر بەکاریان دەهێنێ و هەوڵدەدات لەم ڕێگەیەوە هاوسۆزی خۆی لەگەڵ وەرگردا بسەلمێنێت، جێناوەکانیش (من، تۆ، ئێمە) بەزۆریش ئێمە بەکاردەهێنرێت، کە ڕێگایەکە بەرهەمهێنی گوتار بۆ کۆکردنەوەی خۆی لەگەڵ وەرگر بەکاردەهێنرێت. لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو جێناوانەوە نێرەر خۆی دەهێنێتە ئاستی وەرگر بۆ خزمەتی بەدیهێنانی ئەرکە ڕەمزییەکان.

ئێمە لەکارین بۆ ئێوە، ئێوەش لەماڵەوە بن بۆ ئێمە. (وەزارەتی تەندروستی)

جگە لە ئاماژە کەسییەکان چەند جۆرێکی تریش لە ئاماژە هەیە، وەك ئاماژەکانی کات، کە ئەو ئاماژانەن، کاتی گوتنەکە لەدیدی هاوبەشەکانەوە دیاریدەکەن، کاتی قسەکردن دیاریدەکەن بەمانگ و ڕۆژو ساڵ، هەروەها ئاماژەکانی شوێنیش ئەوانەن،

کە ئاماژە بە شوێنەکان دەکەن دو جۆر ئاماژە بۆ شوێن هەیە 1- بەناوهێنان، یان وەسفکردنی، واتە دیاریکردنی شوێنی ناوهێنان. 2ـ ئاوەڵکارەکان. (شاکر 2015: 108-109) لێرە، لەوێ، لەماڵەوە....

**1ـ4ـ 6ـ وشەی فەرهەنگی:** لەفەرهەنگی زماندا بەکارهێنانی وشەی نزیکبونەوە نازناو لەکێڵگە واتاییەکان هەیە، نێرەر هەندێ وشەی وا هەڵدەبژێرێ کەواتای هاوسۆزی و نزیکبونەوەی لەوەرگر هەیە لە گوتارەکەیدا. (الشهری 2004 :284) بۆنمونە

پیرۆزە

نەخشەت لێبێت.

ئەم پیرۆزباییە واتای هاوسۆزیە لەگەڵی

خزمەتکارتم

لەخزمەتتدام هەموکات

زیادەڕەوی لەخزمەتکردن ئەمە واتای هاوسۆزی نێوان وەرگر و نێرەر.

**1ـ4 ـ7ـ سەرسوڕمان:** ڕێگایەکە لەڕێگاکانیتر کە بەرهەمهێنی گوتار بۆ نزیکبونەوە و هاوسۆزیبونی وەرگر بەکاریدەهێنێت، ئەمەش لە ڕێگای بەکارهێنانی زاراوەکانی وەك (دەیکەم، ئەنجامی دەدەم) لەگەڵ بەکارهێنانی شێوازی پیاهەڵدان کە دەتوانرێت بە سەرسوڕمانی ببەستێتەوە، چونکە سەرسامبونە بە پیاهەڵدراو بەم شێوەیەش نێرەر لە پیاهەڵدراو نزیکدەبێتەوە. (عمر 2015: 100)

**8-4-1 پەشیمانبونەوە پۆزشهینانەوە:** بریتییە لەو کردەیەی کە گوێگر هەست بەکەموکوڕیەك، یان هەڵەیەك، یان کەمتەرخەمیەك لە کارێك دەکات. لەبەرامبەر قسەکەر ئەنجامیداوە. پۆزشهینانەوە دانپێنانە بە پەشیمانبونەوە. مەرج نییە هەمو پۆزشهینانەوەیەك قبوڵ بکرێت، بەڵام کاریگەری خۆی هەیە، بەڕەوشتیکی کۆمەڵایەتی و ئاییینی دادەنریت. (شەمس2006 :122) پۆزشهینانەوە هەستکردنە بەکەموکوڕی کەسی بێدەسەڵات لە ئەنجامی کەموکوڕییەك، یان کەمتەرخەمیەك لە کارەکەیدا لەبەرامبەر کەسی باڵادەست پۆزش و پەشیمانبونەوەی بۆ دەهینیتەوە.

مەرج نییە هەمو کات ئەو کەسانەی پۆزشدەهێننەوە باڵادەست نەبن، هەندێکجار کەسانی باڵادەستیش بەهۆی ئەنجامنەدانی کاروبارەکانیان بەرامبەر گەل و نەتەوەکە پۆزشدەهێننەوە.

... مەرج نییە کەسەکە ئەو دەقەیە لەوێ بێت، ڕەنگە پیش تۆ لەوێ دانیشتبێت، یان پشمینی هەبوبێ، یان کۆکەی هەبو بێت و دەستی بە دەرگایەک، یان شوێنێک کەوتبێت و تۆش دەست لە هەمان شوێن بدەیت. (دەوەن حەوێزی)

**1ـ4ـ9ـ دانپیانانی خود:** جۆرێکی تر لە ئامرازەکانی هاوسۆزی، کە نێرەر بەکاریدەهێنێ بریتییە لە دانپیانانی خود، یان بەهەند وەرنەگرتن، لێرەدا نێرەر بەشێوەیەك قسە دەکات وەك ئەوەی قسە لەگەڵ کەسێکیتردا بکات. ئەمەش یەکێکە لە نیشانەکانی ستراتیژیەتی هاوسۆزیە بەتایبەتی کاتێك کە دەسەڵاتی هەیە. (الشهری،2004: 304)

بەداخەوەش هۆشیاری تەندروستیی تاکەکانمان زۆر خراپە. (دەوەن حەوێزی)

## 2ـ1 ئامار و شیکردنەوەی گوتاری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان

دوای وردبونەوە لەسەرجەم ئەو کەرەستە خاو (گوتاری تەندروستی)انەی، کە لەسەردەمی دەرکەوتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا پێشکەشکران. بەحوکمی ئەوەی، کە تەندروستی پەیوەندی بەهەمو تاکێکی ئەم هەرێمەوە هەیە، سەرۆکی حکومەتی هەرێم و وەزیری ناوخۆ پارێزگاری هەولێر و پارێزگاری سلێمانی و هەرچەندە پزیشك نین، بەڵام وەك لایەنی بەرپرس لەسەلامەتی هاووڵاتیان و وەزیری تەندروستی و بریکار و دکتۆرەکان کە لەهەوڵی هۆشیارکردنەوەی تاکن، بۆپاراستنی تەندروستی هاووڵاتیان، بەردەوام گوتاریان پێشکەشدەکرێت وەك کارەکتەرێکی ڕاستەوخۆبون.

بەشێوەیەکی گشتی قەبارەی نمونە دەستنیشانکراوەکان لە ئاماری توێژینەوەکەدا، کە بریتییە لە <u>حەوت</u> گوتار، هەریەك لە سەرۆکی حکومەتی هەرێم، وەزیری ناوخۆ، وەزیری تەندروستی، پارێزگاری هەولێر، پارێزگاری سلێمانی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی، سەرۆکی سکوڵی پزیشکیی زانکۆی کۆیە کە لە کەلەسەرەتای دەرکەوتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان (مانگی ئازاری 2020)ە، لە ڕێکەوتی (2020/3/18) (2020/3/14) (2020/3/12) (٢٠٢٠/3/١١) پێشکەشکران، نمونەکان بەشێوەی هەڵبژاردنی نمونی مەبەستدار وەرگیراون، چونکە لەسەرەتای دەرکەوتنی ئەم ڤایرۆسە هەوڵی ڕازیکردنی خەڵکی دەدرا بۆ مانەوەی لەماڵەوە و پابەندبون بەڕێنماییە تەندروستییەکان.

توێژەر بەمەبەست گوتارەکانی سەرەتا هەڵدەبژێرێت بۆئەوەی تایبەتمەندی و مەبەستەکانی بەرهەمهێنی گوتارەکان لەستراتیژیەتی هاوسۆزی شیبکەینەوە و ڕێژەکەشیان بە بەرنامەی (Excel) دەربهێنێت.

شیکردنەوەی گوتاری تەندروستی بەپێی ستراتیژیەتی هاوسۆزی دیاریکراون، بەڵام دیاریکردنەکە لەسەر بنەمای شیکردنەوەو ڕێژەی دەربرینی گوتەکانیانە کامە ڕێگای هاوسۆزی ڕۆڵی کارای هەبووە، تا بەڕێژەی سەدی بەم شێوەیە خراوەتەڕو: 1ـ شیکردنەوەی ئاماری هەر گوتارێك بەپێی ستراتیژیەتی هاوسۆزی.

2ـــ شـیکردنەوەی ئامـاری جـۆرو مەبەسـتی گوتارەکـان بەشێوەیەکی جیاجیا ڕێژەکانیان دیاریدەکرێت و جیاوازیـەکانیان دەخرێتەڕو.


## 2-2 شیکردنەوەو ئاماری گوتارەکان بـەپێی ستراتیژیەتی هاوسۆزی

لــەکاتی شــیکردنەوەی گوتــاردا نــاتوانین دەســتبەرداری دەوروبەری و بونیادی گوتارەکە بین، هەربۆیە لە شیکردنەوەی گوتـاری تەندروسـتی بـەپێی ستراتیژیەتی هاوسۆزی پشت بـە دەوروبەر دەبەستین، چونکە وشە لە بنەرەتدا خاوەنی هەمو ئەو واتایانەیە کە لە دەوروبەردا بەرجەستە دەبن. هەروەها ئەزمون و ژینگـە و دەوروبـەر و شـارەزاییەکانی مـرۆڤ هۆکـارن بـۆ وێناکردنی شتەکان لـە هزری مرۆڤدا و بەبیرهێنانـەوەیان لـە کاتی پێویستدا.

## 2ـــ3 ـــ شـیکردنەوەی گوتـاری تەندروسـتی بـەپێی ستراتیژیەتی هاوسۆزی لـە گوتـاری سـەرۆکی حکومـەتی هەرێمی کوردستان


| ستراتیژیەتی هاوسۆزی لەگوتاری سەرۆکی حکومەت | | |
|---|---|---|
| جۆری هاوسۆزی | ژمارەی هاوسۆزی | ڕێژەی هاوسۆزی % |
| ناو | ٢ | 3.390 |
| سوپاسکردن | ٥ | 8.475 |
| سڵاوکردن | ١ | 1.695 |
| ئاماژە | ٢٣ | 38.983 |
| وشەی فەرهەنگی | ٠ | 0.000 |
| سەرسوڕمان | ١ | 1.695 |
| دانپیانانی خود | ١٧ | 28.814 |
| ستایشکردن | ٤ | 6.780 |
| پۆزشهێنانەوە | ٦ | 10.169 |
| کۆی گشتی | ٥٩ | ١٠٠ |

خشـتەی ژمـارە(1) ئامـار و ڕێـژەی سـەدی سـتراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان




وێنـەی ڕونکردنـەوەیی ژمـارە(1ـــأ) ئامـاری سـتراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

لەشـیکردنەوەی گوتارەکـەی سـەرۆکی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بـەپێی سـتراتیژیەتی هاوسـۆزی . بـەپێی تیـۆری مـەعریفی (تیۆری واتـای ئینسکلوپیدیایی) گوتارەکـە هـەڵگری چـەمکی ئاماژەکردنـە. لـەڕێگای ئاماژەکـانی کـات و شـوێن و کەسـەوە هاوسۆزی خۆی بۆ خـەڵکی پیشاندەدات. بەشێوازی زمانێکی بـاڵا (فەرمی) سڵاو لـە هاوڵاتیـانی خـەڵکی کوردستان دەکـات. لـەڕێگای گوتەکانیـەوە دان بەهەنـدێ ڕاسـتی دادەنێت، هـەروەها پـۆزش بۆهەنـدێ بـارودۆخ دەهێنێتـەوە. لەهەمانکاتـدا سـوپاس وستایشـی تیمـی پزیشـك و کارمەنـدانی تەندروسـتی دەکـات، بۆیـەش وێناکردنێـك خـەمخۆری دڵسـۆزی لـە مێشـکی وەرگر دروستدەکات.




وێنـەی ڕونکردنـەوەیی ژمـارە(1ـــ ب) ڕێـژەی سـەدی سـتراتیژیەتی هاوسـۆزی لـە گوتـاری سـەرۆکی حکومـەتی هەرێمی کوردستان

لەشیکردنەوەی ڕێـژەی سـەدی بـەکارهاتو لـەگوتای سـەرۆکی حکومـەتی هەرێمـە کوردسـتان بـەپێی خشـتەی ژمـارە(9) لـە وێنەی ڕونکردنەوەیی ژمارە(1ـأ، 1ـ ب) دەبینین بـەکارهێنانی ئاماژەکانی کەس و کات و شوێن بەپلەی یەکەم دێت، کە بریتییە لـە (23) ئامـاژە بـەڕێژەی (38.983) بـەکارهاتووە. دانپیانـان خـود بریتییـە لـە (17) دانپیانـان بـەڕێژەی (28.814) بەکارهاتووە، بەپلەی دووەم دێت. چەمکی پۆزشهێنانەوە بریتییە لە (6) پۆزش بـەڕێژەی (10.169) بـەکارهاتووە. سوپاسکردن بریتییـە لـە (5) سـوپاس بـەڕێژەی (8.475) بـەکارهاتووە. چەمکی ستایشکردن بریتییە لە (4) ستایش بـەڕێژەی (6.780) بەکارهاتووە. ناوهێنانیش بریتییە لە (2) ناو بەڕێژەی (3.390) بەکارهاتووە. هەریەك لە چەمکەکانی سڵاوکردن، سەرسوڕمان بریتییـە لــە(1) بــەڕێژەی (1.695)بــەکارهاتووە. وشــەی فەرهەنگی هیچ بەکارهێنانێکی لە گوتارەکەیدا نییە.

## 2ـــ 4 شـیکردنەوەی گوتـاری تەندروسـتی بـەپێی ستراتیژیەتی هاوسـۆزی لـە گوتـاری وەزیـری نـاوخۆی حکومـەتی هەرێمی کوردستان


| ستراتیژیەتی هاوسۆزی لەگوتاری وەزیری ناوخۆ | | |
|---|---|---|
| جۆری هاوسۆزی | ژمارەی هاوسۆزی | ڕێژەی هاوسۆزی % |
| ناو | ٧ | 6.422 |
| سوپاسکردن | ٢ | 1.835 |
| سڵاوکردن | ١ | 0.917 |
| ئاماژە | ٥٦ | 51.376 |
| وشەی فەرهەنگی | ٠ | 0.000 |
| سەرسورمان | ٠ | 0.000 |
| دانپیانان خود | ٢٣ | 21.101 |
| ستایشکردن | ٦ | 5.505 |
| پۆزشهێنانەوە | ١٤ | 12.844 |
| کۆی گشتی | ١٠٩ | 100.000 |

خشتەی ژمارە(2) ئامار و ڕێژەی سەدی ستراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان




وێنەی ڕونکردنەوەیی ژمارە(2ـــ أ) ئاماری ستراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری وەزیری ناوخۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان

لەشیکردنەوەی گوتارەکەی وەزیری ناوخۆ بەپێی ستراتیژیەتی هاوسۆزی. بەپێی تیۆری واتای ئینسکلوپیدیای بەشێوازی زمانێکی باڵا (فەرمی) سڵاو لە هاوولاتیانی خەڵکی کوردستان دەکات و سوپاس وستایشی تیمی پزیشك و کارمەندانی تەندروستی دەکات، وێنای هاوسۆزی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان نیشاندەدات، گوتارەکە هەڵگری پەیامی ئاماژەکردنە، لەڕێگای ئاماژەکردنەوە هاوسۆزی و خەمخۆری و بەرپرسیاریەتی خۆی بۆ هاووڵاتیان پیشاندەدات. بۆیەش وێناکردنێك خەمخۆری دڵسۆزی لە مێشکی وەرگر دروستدەبێت، هەروەها پۆزش بۆ هاوسۆزی خۆیان دێنێتەوە و دان بە هەندێ واقعی کوردستان دادەنێت.





وێنەی ڕونکردنەوەیی ژمارە(2ـــ ب) ڕێژەی سەدی ستراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری وەزیری ناوخۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان

لەشیکردنەوەی ڕێژەی سەدی بەکارهاتو لەگوتای وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمە کوردستان بەپێی خشتەی ژمارە(2) لەوێنەی ڕونکردنەوەیی ژمارە(2ـأ،2ـ ب) دەبینین بەکارهێنانی ئاماژەکانی کەس و کات و شوێن بە پلەی یەکەم دێت، کە بریتییە لە (56) ئاماژە بەڕێژەی (51.376) بەکارهاتووە. دانپیانانی خود بریتییە لە (23) دانپیانان بەڕێژەی (21.101) بەکارهاتووە، بەپلەی دووەم دێت. چەمکی پۆزشهێنانەوە بریتییە لە (14) پۆزش بەڕێژەی (12.844) بەکارهاتووە. چەمکی ناوهێنان بریتییە لە (7) ناوهێنان بەڕێژەی (6.422) بەکارهاتووە. چەمکی ستایشکردن بریتییە لە (6) ستایش و بەڕێژەی (5.505) بەکارهاتووە. سوپاسکردن بریتییە لە (2) سوپاس بەڕێژەی (1.835) بەکارهاتووە. چەمکی سڵاوکردن بریتییە لە(1) بەڕێژەی (0.917)بەکارهاتووە. هەریەك لە چەمکەکانی وشەی فەرهەنگی، سەرسورمان، هیچ بەکارهێنانێکی لە گوتارەکەیدا نییە.

## 2ـــ5 شیکردنەوەی گوتاری تەندروستی بەپێی ستراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان


| ستراتیژیەتی هاوسۆزی لەگوتاری وەزیری تەندروستی | | |
|---|---|---|
| جۆری هاوسۆزی | ژمارەی هاوسۆزی | ڕێژەی هاوسۆزی % |
| ناو | ٥ | 11.905 |
| سوپاسکردن | ١ | 2.381 |
| سڵاوکردن | ٠ | 0.000 |
| ئاماژە | ١٩ | 45.238 |
| وشەی فەرهەنگی | ٠ | 0.000 |
| سەرسورمان | ٠ | 0.000 |
| دانپیانان خود | ٩ | 21.429 |
| ستایشکردن | ٢ | 4.762 |
| پۆزشهێنانەوە | ٦ | 14.286 |
| کۆی گشتی | ٤٢ | 100.000 |

خشتەی ژمارە(3) ئامار و ڕێژەی سەدی ستراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان



وێنەی ڕونكردنەوەیی ژمارە(3ـأ) ئاماری ستراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری وەزیری تەندروستی حكومەتی هەرێمی كوردستان

لەشیكردنەوەی گوتارەكەی وەزیری تەندروستی بەپێی ستراتیژیەتی هاوسۆزی. هاوسۆزی خۆی بۆ تاكەكانی كۆمەڵ نیشاندەدات وەك ئەركێكی خۆی، كە لە خزمەت هاوولاتیان دایە، هەرچەندە كە گوتارەكەی پێشكەشدەكات پێویستە سڵاو لە هاولاتیانی خەڵكی كوردستان بكات، بەڵام سڵاو ناكات، بەڵام سوپاس وستایشی تیمی پزیشك و كارمەندانی تەندروستی دەكات، وێنای هاوسۆزی بۆ خەڵكی نیشاندەدات، لە هەمان كاتیشدا پۆزش بۆ كەموكورییەكانی وەزارەتەكەی دەهێنێتەوە، بۆیەش وێناكردنێكی خەمخۆری دڵسۆزی لە مێشكی وەرگر دروستدەكات، هەم بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان هەم بۆ هاووڵاتیان، هەروەها ئاماژە بە ناو دەكات بۆ سەرنجڕاكێشانی وەرگر، هەندێكجار گوتەكانی دوبارە دەكاتە تێكەڵیەكی هەیە لە گوتەكانیدا.




وێنەی ڕونكردنەوەیی ژمارە(3ـ ب) ڕێژەی سەدی ستراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری وەزیری تەندروستی حكومەتی هەرێمی كوردستان

لەشیكردنەوەی ڕێژەی سەدی بەكارهاتو لەگوتای وەزیری تەندروستی حكومەتی هەرێمە كوردستان بەپێی خشتەی ژمارە(3) لەوێنەی ڕونكردنەوەیی ژمارە(3ـ أ، 3ـ ب) دەبینین بەكارهێنانی ئاماژەكان بەپلەی یەكەم دێت، كە بریتییە لە (19) ئاماژە بەڕێژەی (45.238) بەكارهاتووە. دانپیانانی خود بریتییە لە (9) دانپیانان بەڕێژەی (21.429) بەكارهاتووە، بەپلەی دووەم دێت. چەمكی پۆزشهێنانەوە بریتییە لە (6) پۆزش بەڕێژەی (14.286) بەكارهاتووە. چەمكی ناوهێنانیش بریتییە لە (5) ناو بەڕێژەی (11.905) بەكارهاتووە. ستایشكردن بریتییە لە (2) ستایش بەڕێژەی (4.762) بەكارهاتووە. چەمكی سوپاسكردن بریتییە لە (1) سوپاس بەڕێژەی (2.381) هەریەك لە چەمكەكانی سڵاوكردن، سەرسوڕمان، وشەی فەرهەنگی بریتییە لە(0) بەڕێژەی (0.000)بەكارهاتووە. واتە هیچ بەكارهێنانێكی لە گوتارەكەیدا نییە.

## 2ـ6 شیكردنەوەی گوتاری تەندروستی بەپێی ستراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری پارێزگاری هەولێر


| ستراتیژیەتی هاوسۆزی لەگوتاری پارێزگاری هەولێر | | |
|---|---|---|
| جۆری هاوسۆزی | ژمارەی هاوسۆزی | ڕێژەی هاوسۆزی % |
| ناو | ٨ | 17.021 |
| سوپاسكردن | ١ | 2.128 |
| سڵاوكردن | ٠ | 0.000 |
| ئاماژە | ٢٣ | 48.936 |
| وشەی فەرهەنگی | ٠ | 0.000 |
| سەرسورمان | ٠ | 0.000 |
| دانپیانانی خود | ٤ | 8.511 |
| ستایشكردن | ٠ | 0.000 |
| پۆزشهێنانەوە | ١١ | 23.404 |
| كۆی گشتی | ٤٧ | 100.000 |

خشتەی ژمارە(4) ئامار و ڕێژەی سەدی ستراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری پارێزگاری هەولێر حكومەتی هەرێمی كوردستان




وێنەی ڕونكردنەوەیی ژمارە(4ـأ)ئاماری ستراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری پارێزگاری هەولێر

لەشیكردنەوەی گوتارەكەی پارێزگاری هەولێر هاوسۆزی خۆی بۆ تاكەكانی كۆمەڵ نیشاندەدات وەك ئەركێكی خۆی، كە پارێزگاری هەولێرە، لە خزمەت هاووڵاتیاندایە، گوتارەكەی هەڵگری چەمكی ئاماژەكردنە. لەهەمانكاتدا دان بەهەندێك ڕاستی دادەنێت و پۆزشیش بۆ كەموكورییەكانی حكومەتی هەرێم دەهێنێتەوە، هەروەها سوپاس وستایشی تیمی پزیشك و كارمەندانی تەندروستی دەكات، بۆیەش وێناكردنێكی خەمخۆری دڵسۆزی لە مێشكی وەرگر بەگشتی و خەڵكی هەولێر بەتایبەتی دروستدەكات.




وێنەی ڕونکردنەوەیی ژمارە(4ـ ب) ئاماری ڕێژەی سەدی ستراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری پارێزگاری هەولێر حکومەتی هەرێمی کوردستان

لەشیکردنەوەی ڕێژەی سەدی بەکارهاتو لەگوتای پارێزگاری هەولێر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی خشتەی ژمارە(4) لەوێنەی ڕونکردنەوەیی ژمارە(4ـأ ، 4ـب) دەبینین بەکارهێنانی ئاماژەکانی کەس و کات و شوێن بەپلەی یەکەم دێت، کە بریتییە لە (23) ئاماژە بەڕێژەی (48.936) بەکارهاتووە. چەمکی پۆزشهێنانەوە بریتییە لە (11) پۆزش بەڕێژەی (23.404) بەکارهاتووە، بەپلەی دووەم دێت. ناوهێنانیش بریتییە لە (8) ناو بەڕێژەی (17.021) بەکارهاتووە. چەمکی دانپیانانیش بریتییە لە (4) دانپیانان بەڕێژەی (8.511) بەکارهاتووە. سوپاسکردن بریتییە لە (1) سوپاس بەڕێژەی (2.381) بەکارهاتووە. هەریەك لە چەمکەکانی سڵاوکردن، سەرسوڕمان ستایشکردن هیچ بەکارهێنانێکی لە گوتارەکەیدا نییە.

## 2ـــ7 شیکردنەوەی گوتاری تەندروستی بەپێی ستراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری پارێزگاری سلێمانی


| ستراتیژیەتی هاوسۆزی لەگوتاری پارێزگاری سلێمانی | | |
|---|---|---|
| جۆری هاوسۆزی | ژمارەی هاوسۆزی | ڕێژەی هاوسۆزی % |
| ناو | ٥ | 16.667 |
| سوپاسکردن | ١ | 3.333 |
| سڵاوکردن | ٠ | 0.000 |
| ئاماژە | ١٤ | 46.667 |
| وشەی فەرهەنگی | ٠ | 0.000 |
| سەرسوڕمان | ٠ | 0.000 |
| دانپیان خود | ٣ | 10.000 |
| ستایشکردن | ٤ | 13.333 |
| پۆزشهێنانەوە | ٣ | 10.000 |
| کۆی گشتی | ٣٠ | 100.000 |

خشتەی ژمارە(5) ئامار و ڕێژەی سەدی ستراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری پارێزگاری سلێمانی




وێنەی ڕونکردنەوەیی ژمارە(5ـــأ)ئاماری ستراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری پارێزگاری سلێمانی

لەشیکردنەوەی گوتارەکەی پارێزگاری سلێمانی بەپێی ستراتیژیەتی هاوسۆزی. هاوسۆزی خۆی بۆ تاکەکانی کۆمەڵ نیشاندەدات وەك ئەرکێکی خۆی کە پارێزگاری سلێمانییە، لە خزمەت هاوولاتیاندایە، گوتارەکەی هەڵگری چەمکی ئاماژەکردنە. لەهەمانکاتدا ناو دەهێنێت بەمەبەست، هەروەها ستایشی تیمی پزیشك و کارمەندانی تەندروستی و خەڵکی سلێمانی دەکات، بۆیەش وێناکردنێك خەمخۆری دڵسۆزی لە مێشکی وەرگر بەگشتی و خەڵکی سلێمانی بەتایبەتی دروستدەکات.





وێنەی ڕونکردنەوەیی ژمارە(5ــــ ب) ڕێژەی سەدی ستراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری پارێزگاری سلێمانی

لەشیکردنەوەی ڕێژەی سەدی بەکارهاتو لەگوتای پارێزگاری سلێمانی بەپێی خشتەی ژمارە(5) لە وێنەی ڕونکردنەوەیی ژمارە(5ـأ ، 5ـ ب) دەبینین بەکارهێنانی ئاماژەکانی کەس و کات و شوێن بەپلەی یەکەم دێت، کە بریتییە لە (14) ئاماژە بەڕێژەی (46.667) بەکارهاتووە. ناوهێنانیش بریتییە لە (5) ناو بەڕێژەی (16.667) بەکارهاتووە، بەپلەی دووەم دێت. چەمکی ستایشکردن بریتییە لە (4) ستایش بەڕێژەی (13.333) بەکارهاتووە. هەردو چەمکی دانپیانان و پۆزشهێنانەوەش بریتییە لە (3) دانپیان و پۆزش بەڕێژەی (10.000) بەکارهاتووە. چەمکی سوپاسکردن بریتییە لە (1) سوپاس بەڕێژەی (3.333) بەکارهاتووە. هەریەك لە چەمکەکانی سڵاوکردن، سەرسوڕمان ستایشکردن هیچ بەکارهێنانێکی لە گوتارەکەیدا نییە.

## 2ـــ8 شیکردنەوەی گوتاری تەندروستی بەپێی ستراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی


| ستراتیژیەتی هاوسۆزی لەگوتاری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی | | |
|---|---|---|
| جۆری هاوسۆزی | ژمارەی هاوسۆزی | ڕێژەی هاوسۆزی % |
| ناو | ١ | 9.091 |
| سوپاسکردن | ٠ | 0.000 |
| سڵاوکردن | ٠ | 0.000 |
| ئاماژە | ٢ | 18.182 |
| وشەی فەرهەنگی | ٠ | 0.000 |
| سەرسوڕمان | ٠ | 0.000 |
| دانپیانان خود | ٥ | 45.455 |
| ستایشکردن | ٠ | 0.000 |
| پۆزشهێنانەوە | ٣ | 27.273 |
| کۆی گشتی | ١١ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە(6) ئامار و ڕێژەی سەدی ستراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی




وێنـەی ڕونكردنـەوەیی ژمـارە (6ـ أ) ئامـاری سـتراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی

لەشیكردنەوەی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی بەپێی ستراتیژیەتی هاوسۆزی، هاوسۆزی خۆی بۆ تاكەكانی كۆمەڵ بەگشتی و خەڵكی سلێمانی بەتایبەتی نیشاندەدات. وەك ئەركێكی خۆی كە لە خزمەت هاووڵاتیان دایە. دان بە هەندێ ڕاستی زانستی دادەنێت، وێنای ترس و دڵەڕاوكێ دەخاتە مێشكی وەرگر، پۆزشدەهێنێتەوە بۆ ڕودانی هەر كارەساتێكی مرۆی، كە خەڵكی خۆیان بەرپرسن لە كەوتنی لاشەی ئازیزانیان لەسەر جادە، بەهۆی پابەندنەبونیان بەڕێنماییە تەندروستییەكانە، هەروەها پابەندنەبونیان بەڕێنماییەكان.




وێنـەی ڕونكردنـەوەیی ژمـارە(6ـ ب) ڕێـژەی سـەدی سـتراتیژیەتی هاوسـۆزی لـە گوتـاری بەڕێوەبـەری گشـتی تەندروستی سلێمانی

لەشیكردنەوەی ڕێژەی سەدی بەكارهاتو لەگوتای بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی بەپێی خشتەی ژمارە(6) لە وێنەی ڕونكردنـەوەیی ژمـارە(6ـأ، 6ـ ب) دەبینـین بـەكارهێنانی دانپیانـانی خـود بریتییـە لـە (5) دانپیانـان بـەڕێژەی (45.455) بەكارهاتووە بەپلەی یەكەم دێت. چەمكی پۆزشهێنانەوە بریتییە لە (3) پۆزش بەڕێژەی (27.273) بەكارهاتووە بەپلەی دووەم دێت. چەمكی ئاماژە بریتییە لە (2) ئاماژە بەڕێژەی (18.182) بەكارهاتووە. ناوهێنانیش بریتییە لە (1) ناو بەڕێژەی (9.091) بەكارهاتووە. هەریەك لە چەمكەكانی سوپاسكردن، سڵاوكردن، سەرسـوڕمان، فەرهـەنگی زمـانی، ستایشـكردن هـیچ بەكارهێنانێكی لە گوتارەكەیدا نییە.

## 2ـــ9 شـیكردنەوەی گوتـاری تەندروسـتی بـەپێی ستراتیژیەتی هاوسۆزی لـە گوتـاری سـەرۆكی سكولی پزیشكی زانكۆی كۆیە


| ستراتیژیەتی هاوسۆزی لەگوتاری سەرۆكی سكولی پزیشكی زانكۆی كۆیە | | |
|---|---|---|
| جۆری هاوسۆزی | ژمارەی هاوسۆزی | ڕێژەی هاوسۆزی % |
| ناو | ١١ | 28.205 |
| سوپاسكردن | ٠ | 0.000 |
| سڵاوكردن | ٠ | 0.000 |
| ئاماژە | ٨ | 20.513 |
| وشەی فەرهەنگی | ٠ | 0.000 |
| سەرسوڕمان | ٤ | 10.256 |
| دانپیانان خود | ٨ | 20.513 |
| ستایشكردن | ٣ | 7.692 |
| پۆزشهێنانەوە | ٥ | 12.821 |
| كۆی گشتی | ٣٩ | 100.000 |

خشـتەی ژمـارە(7) ئامـار و ڕێـژەی سـەدی سـتراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری سەرۆكی سكولی پزیشكی زانكۆی كۆیە




وێنـەی ڕونكردنـەوەیی ژمـارە (7ـ أ) ئامـاری سـتراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری سەرۆكی سكولی پزیشكی زانكۆی كۆیە

سەرۆكی سكولی پزیشكی زانكۆی كۆیە، هاوسۆزی خۆی بـۆ تاكـەكانی كۆمـەڵ بەگشـتی نیشـاندەدات. وەك ئـەركێكی خـۆی، كـە لـە خزمـەت هاووڵاتیانـدایە، چۆنیـەتی هـاتنی ڤایرۆسـەكە بۆ هـەرێمی كوردستان ڕونكردەكاتـەوە، هەربۆیـە چەنـدین جـار نـاوی ئێـران دەهێنێـت، دان بەهەنـدێ ڕاسـتی لۆژیكی دادەنێت، لەهەمانكاتدا ئاماژە بە هەندێ ڕاستی زانستی دادەنێت. لە هاوسۆزی خۆی داوا لەخەڵكی دەكات، كە پابەندبن بەڕێنماییە تەندروستییەكانەوە.




وێنەی ڕونکردنەوەیی ژمارە(7ــ ب) ڕێژەی سەدی ستراتیژیەتی هاوسۆزی لە گوتاری سەرۆکی سکولی پزیشکی زانکۆی کۆیە

لەشیکردنەوەی ڕێژەی سەدی بەکارهاتو لەگوتاری سەرۆکی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی کۆیە بەپێی خشتەی ژمارە(7) لە وێنەی ڕونکردنەوەیی ژمارە(7- أ، 7- ب) دەبینین بەکارهێنانی ناو لەپلەی یەکەمدایە بریتییە لە(11) ناو بەڕێژەی (28.205) بەکارهاتووە. هەر یەك لە ئاماژەکان و دانپیانانی خود بریتییە لە (8) ئاماژە و دانپیانان بەڕێژەی (20.513) بەکارهاتووە. چەمکی پۆزشهێنانەوە بریتییە لە (5) پۆزش بەڕێژەی (12.821) بەکارهاتووە. چەمکی سەرسوڕمان بریتییە لە (4) سەرسوڕمان بەڕێژەی (10.256) بەکارهاتووە. چەمکی ستایشکردن بریتییە لە (3) ستایش بەڕێژەی (7.692) بەکارهاتووە. هەریەك لە چەمکەکانی سوپاسکردن، سڵاوکردن، سەرسوڕمان، وشەی فەرهەنگی هیچ بەکارهێنانێکی لە گوتارەکەیدا نییە.

## 2ــ10 کۆی گوتاری تەندروستی بەپێی ستراتیژیەتی هاوسۆزی


| هاوسۆزی | سەرۆکی حکومەت | وەزیری ناوخۆ | وەزیری تەندروستی | پارێزگاری هەولێر | پارێزگاری سلێمانی | بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی | دەوەن حەوێزی | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ناو | ٢ | ٧ | ٥ | ٨ | ٥ | ١ | ١١ | ٣٩ | 11.573 |
| سوپاسکردن | ٥ | ٢ | ١ | ١ | ١ | ٠ | ٠ | ١٠ | 2.967 |
| سڵاوکردن | ١ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ | 0.593 |
| ئاماژە | ٢٣ | ٥٦ | ١٩ | ٢٣ | ١٤ | ٢ | ٨ | ١٤٥ | 43.027 |
| وشەی فەرهەنگی | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | 0.000 |
| سەرسوڕمان | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٤ | ٥ | 1.484 |
| دانپیانانی خود | ١٧ | ٢٣ | ٩ | ٤ | ٣ | ٥ | ٨ | ٦٩ | 20.475 |
| ستایشکردن | ٤ | ٦ | ٢ | ٠ | ٤ | ٠ | ٣ | ١٩ | 5.638 |
| پۆزشهێنانەوە | ٦ | ١٤ | ٦ | ١١ | ٣ | ٣ | ٥ | ٤٨ | 14.243 |
| کۆی گشتی | ٥٩ | ١٠٩ | ٤٢ | ٤٧ | ٣٠ | ١١ | ٣٩ | ٣٣٧ | 100.000 |

خشتەی ژمارە(8) ئامار و ڕێژەی سەدی ستراتیژیەتی هاوسۆزی لە سەرجەم گوتارەکان




وێنەی ڕونکردنەوەیی ژمارە(8ــ أ)ئاماری ستراتیژیەتی هاوسۆزی لە سەرجەم گوتارەکان

سەرجەم گوتارەکان، هاوسۆزی خۆیان بۆ تاکەکانی کۆمەڵ بەگشتی نیشاندەدات. وەك ئەرکێکی خۆیان، کە لە خزمەت هاووڵاتیاندان، چۆنیەتی هاتنی ڤایرۆسەکە بۆ هەرێمی کوردستان ڕونکردەکاتەوە، ئاماژە بە هەندێ ڕاستی زانستی دەکەن. هەر لە هاوسۆزی خۆیان داوا لەخەڵکی دەکات، کە پابەندبن بەڕێنماییە تەندروستییەکانەوە.




وێنەی ڕونکردنەوەیی ژمارە(8ــ ب) ڕێژەی سەدی ستراتیژیەتی هاوسۆزی لە سەرجەم گوتارەکان

لەشیکردنەوەی ڕێژەی سەدی بەکارهاتو لە سەرجەم گوتارە دەستنیشانکراوەکان بەپێی خشتەی ژمارە(8) لە وێنەی ڕونکردنەوەیی ژمارە(8- أ، 8- ب) دەبینین بەکارهێنانی ئاماژە لەپلەی یەکەمدایە بریتییە لە(145) ئاماژە بەڕێژەی (43.027)بەکارهاتووە. چەمکی دانپیانانی خود بریتییە لە (69) دانپیانان بەڕێژەی (20.475) بەکارهاتووە. چەمکی پۆزشهێنانەوە بریتییە لە (48) پۆزش بەڕێژەی (14.243) بەکارهاتووە. بەکارهێنانی ناویش بریتییە لە(39) ناو بەڕێژەی سەدی (11.573) چەمکی ستایشکردن بریتییە لە (19) ستایش بەڕێژەی (5.638) بەکارهاتووە. چەمکی سوپاسکردن بریتییە لە (10) سوپاس بەڕێژەی (2.967) بەکارهاتووە. چەمکی سەرسوڕمان بریتییە لە (5) چەمك بەڕێژەی (1.484) بەکارهاتووە. چەمکی سڵاوکردن بریتییە لە (2) سڵاو بەڕێژەی (0.593) بەکارهاتووە. وشەی فەرهەنگی هیچ بەکارهێنانێکی لە گوتارەکەیدا نییە، چونکە وشەی فەرهەنگی زیاتر لە کردەی گفتوگۆکردن بەکاردێت.

## ئەنجام

1ــ بەرهەمهێنەکانی گوتار گوتارەکانیان بەپێی ستراتیژیەتی هاوسۆزی داڕشتووە، کاریگەرییەکانی لەڕوی زمانەوە وادەردەکەوێت، کە ئەم جۆرە گوتارانە کاریگەری لەسەر وەرگر دروستدەکەن. بێگومان ئەمەش بەپشتبەستن بەبنەماکانی ئاماروچارت و ژمارەی وێناکردن و چەمکسازی کردەکان، کە لە گوتارەکانیاندا ئەنجامماندداوە.

2ــ لەکۆی نمونە وەرگیراوەکان لە ستراتیژیەتی هاوسۆزی لێکچو وجیاوازی لەجۆری هاوسۆزیکردنەکان بەدیدەکرێت. هاوسۆزی لەگوتاری هەریەك لەسەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزیری ناوخۆ، وەزیری تەندروستی پارێزگاری هەولێر، پارێزگاری سلێمانی بەدیدەکرێت، کە جەخت لەسەر

| | | |
|---|---|---|
| ٣٦ | داواکاری بۆ ئەو خۆشەویست و خەڵکانەمان ئەوانەی داواکاریەکان پێشکەش بکەن کە پێداویستی موهیمی ڕۆژانەیان هەیە | پۆزشهێنانەوە |
| ٣٧ | ئەمە حاڵەتێکە بۆ حاڵەتێکی زۆر زۆر تایبەت | پۆزشهێنانەوە |
| ٢٩/٢٨ | بە پشتیوانی هەمو لایەکتان بتوانین ئەو ڕۆژە کەمانەی کە ماومانە زۆری ڕۆیشتووە کەمی ماوە بەو هەوڵ پێداگری و پابەندی و پەیرەوکردنی ڕێنماییانەی لە ڕابردو کردوتانە تەواوی بکەین. | دانپیانان/ئاماژە |
| ٣٠ | بۆ ئەوەی خۆمان و مرۆڤایەتی لەم پەتا نێودەوڵەتییە بپارێزین | دانپیانان |
| ٣١ | سوپاس | سوپاسکردن |

## پاشکۆی (6) ستراتیژیەتی هاوسۆزی لەگوتاری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی

| ژ | گوتەکانی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی | هاوسۆزی |
|---|---|---|
| ١ | دو ڕێگە هەیە لەبەردەم خەڵکا | دانپیانان |
| ٢ | ڕێگەیەکیان ڕێگەی یەکە کەخۆپارێزییە | دانپیانان |
| ٥/٤/٣ | پرواو چاوت داخاو نەترسێ خۆی بپارێزی دڵنیابن کۆرۆنا لەشاری سلێمانی هیچ زیانێك ناگەیەنێت | ناو<br>دانپیانان/ ئاماژە |
| ٦ | یەکێکیان ڕێگەی دووەم کە پابەندنەبونە بەڕێنمایەکان | دانپیانان |
| ٧ | ئەوە بەدڵنیاییەوە بترسن ترسی گەورەشتان هەیێت | دانپیانان |
| ٨ | وەکو ئەو وڵاتانە ڕایانەگەیاند چاوەڕێبن کەسی ئازیزتان بمرێ | پۆزشهێنانەوە |
| ٩ | چاوەڕێبن خۆتان بمرن | ئاماژە |
| ١٠ | چاوەڕێبن جەستە لەسەر جادەکان ببینن ئەگەر پابەند نەبن لەڕێنماییەکان بۆیە | پۆزشهێنانەوە |
| ١١ | ئەوە لەدەست ئێمە دانییە ئەوە لەدەست هاوولاتیان خۆیان دایە | پۆزشهێنانەوە |

## پاشکۆی (7) ستراتیژیەتی هاوسۆزی لەگوتاری سەرۆکی سکولی پزیشکی زانکۆی کۆیە

| ژ | گوتەکانی سەرۆکی سکولی پزیشکی زانکۆی کۆیە | هاوسۆزی |
|---|---|---|
| ١ | منیش وەک هاوەلە پزیشکەکانم لە سەرەتای ئەو پەتایە جیهانییە نەتۆقیبوم | ئاماژە |
| ٢ | دەمزانی تێکەڵاویمان زۆر نییە لەگەل چین | ناو |
| ٤/٣ | دەشمزانی چین گەورەترین کارگەکانی پێداویستی پزیشکی هەیە بۆیە کۆنترۆلکردنی ئەستەم نییە | دانپیانان/ ناو |
| ٧/٦/٥ | لەگەل ئەوەش دلخۆشبوم بە هەنگاوە سەرەتاییەکانی حکومەتی هەرێم بە کەرەنتینی هاتوەکان لە چین لەگەل ئەوەش دلخۆشبوم بە هەنگاوە سەرەتاییەکانی حکومەتی هەرێم بە کەرەنتینی هاتووەکان لە چین | دانپیانان/ ستایشکردن/ناو |
| ٨ | دواتر هاوکێشەکە گۆرا، گۆرانێک کە هەمومانی شۆککرد | سەرسورمان |
| ٩ | ترسی ئێران لە چین زۆر گەورەتر و ترسناکترە بۆ؟ | ناو |
| ١٠ | ترسی ئێرات لە چین زۆر گەورەتر و ترسناکترە بۆ ! | سەرسورمان |
| ١١ | ئێران توشبو | ناو |
| ١٣/١٢ | یەکەم ئێران سیستمە سیاسییەکەی پر لە کێشەیە، ئەوەش لە یەکەم هەنگاوی بلاوبوونەوە بە دیارکەوت | پۆزشهێنانەوە/ناو |
| ١٥/١٤ | کە هەوالەکەی شاردەوە و هەلبژاردنی دوانەخست بۆ ئەوەی نەرێتە عەیبەیەکی سیاسی، بەلام بووە بە !لەناوبردنێکی تەندروستی | پۆزشهێنانەوە/ دانپیانان |
| ١٧/١٦ | دووەم ئێران باری تەندروستی و ئابوری زۆر خراپە و تواناى بەرەنگاربونەوەی هیچ شلەژانیکی نییە | پۆزشهێنانەوە/ناو |
| ٢٠/١٩ /١٨ | سێیەم تێکەلیی زۆری ئێران لەگەل نەجەف و کەربەلا کە ئەوانیش زۆر بە کەمی ناوەکوو ئێستا خۆپارێزی لە !کۆرۆنا دەکەن، ئەوانیش ڕاستەوخۆ لەگەل ئێمە تێکەلییان هەیە | ناو/ ئاماژە/ سەرسورمان |
| ٢٣/٢٢/٢١ | چوارەم تیکەلیی بەردەوامی خەلکی ئێمە و بونی ئەو هەموو ژمارە زۆرە خوێندکار و بازرگان و شوفێرەمان لە ئێران | دانپیانان/ ئاماژە / ناو |
| ٢٤ | پاشان هەبونی حالەتی تۆمارکراو لە ناو کوردستان | ناو |
| ٢٥ | بە تایبەت کە هەندێک حالەت گەشتی ئێرانیان نەکردووە و لە کەسی دیکەوە بۆیان گواستراوەتەوە | سەرسورمان |
| ٢٦ | دەترسین حالەتی شاراوەی دیکە هەبێت و هەست پێنەکرابن و ئەویش خەلکی دیکە توشبکات | دانپیانان |
| ٢٧ | ئەزیزانم هەمومان دەزانین سیستمەکەمان کێشە و کەموکووری زۆرە | دانپیانان |
| ٢٨ | بەداخەوەش هۆشیاری تەندروستیی ئاکەکانمان زۆر خراپە | دانپیانان |
| ٢٩ | ناوەکو ئێستەش زۆربەیان لە مەترسی پەتا و نەخۆشی نازانن | ئاماژە |
| ٣٠ | بە تایبەت شەرِی ئەوجارەمان لەگەل نەخۆشییەکە کە ناوەکو ئێستا لەسەر ئاستی جیهان وەکو کاری لەپێشینە بەدوای چارەسەردا ناگەرێن، بەڵکو بەدوای توشنەبون و خۆپاراستن دەگەرێن | دانپیانان |
| ٣١ | ئەزیزانم با ئێمەی کورد جوانترین نموونەی بەرەنگاربونەوەی ئەو پەتایە بین | ئاماژە |
| ٣٢ | با نەچین جێشتخانە و گازینۆ و کافتریا و مۆل و تەنانەت عیادە و نەخۆشخانەکانیش ئەگەر زۆر حالەتێکی پێویست نەبێ | ناو |
| ٣٤/٣٣ | چونکە نازانین ئەو کەسەی پێش تۆ لەو شوێنە بووە هەلگر بووە، یان نا. | پۆزشهێنانەوە/ ئاماژە |
| ٣٦/٣٥ | مەرج نییە کەسەکە ئەو دەقەیە لەوێ بێت ڕەنگە پیش تۆ لەوێ دانیشتبێت، یان پشمینی هەبووبێ، یان کۆکەی هەبو بێت و دەستی بە دەرگایەک، یان شوێنێک کەوتبێت و تۆش دەست لە هەمان شوێن بدەیت | پۆزشهێنانەوە/ئاماژە |
| ٣٧ | لە هەموشی گرنگتر کە مالەوە پاسا و ڕێسا تەندروستی و خۆپارێزییەکان تایبەت بە پاکو خاوێنی بپارێزین | ئاماژە |
| ٣٨ | بە دلنیاییەوە مرۆڤ تیایدا سەرکەوتو دەبێ، بەلام دەمانەوێ کەمترین قوربانی بدەین | ستایشکردن |
| ٣٩ | لە کۆتاییشدا باوەر و متمانە بەو پزیشک و کارمەندانە بکەن، کە هەمو ژیانیان دەخەنە مەترسی بۆ ڕزگاربونی هەمومان | ستایش |

## سەرچاوەکان


1- الشهری، عبدالهادی بن ظافر، 2004، استراتجيات الخطاب، مقاربة لغوية تداولية، لبنان، دار الكتاب الجديدالمتحدة، ط1، بيروت

2ـــ شەمس، هێمن عەبدولحمید ،(٢٠٠٦)، شێوازودەربرین لەبۆنە کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە

3- شاكر، تارا فرهاد،( 2015)، اللسانيات الخطابية فی قصص الانبياء(ادم و ابراهيم وعيسى)عليهم السلام فی القران الكريم، رسالة دكتوا، جامعەی صلاح الدين، أربيل

4ـ عمر، تەلار صباح،(2015)، بنەما زمانییەکان لەشیعری بەرەنگاریدا، گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان، خولی سێیەم، بەشی ، ژمارە 2، ئازار

5ـ عەلی، بکر عومەر ـ حەمە ئەمین، شێرکۆ، (2006)، زارو شێوەزار چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا

6- فتاح، محمد معروف، 1990، زمانەوانی، دار الحكمة.

7- فضيلة، يونسی،(2000)، استراتيژيات الخطاب فی النشيد الوطنی، دراسة تداولية، رسالة ماجستير جامعة مولود معمری تيزی، وزو الجزائر

8ـ المكاوی، علی محمد،2016، علم الاجتماع الطبی والاتجهات النظرية الحديثة، القاهرة

9-Barbara Johnstone, 2008, Discourse Analysis, Second Edition ,Blackwell. Publishing.

10-Jorgensen,M.,& Phillips, L.,(2002), Discourse Analysis as Thory and Method London: Sage Publications.